

# هەڵکەوت زاهیر:

## کولتووری چەند سەدەیەك بە دە ساڵێك دەگۆڕێت!

پڕۆژەی یاسای مافی هونەرمەند یەکێکە لەو کێشانەی کە ماوەی ساڵێکە لە نێوەندی هونەریی ئێمەدا باس و خواسێکی زۆری لەسەردەکرێت، گەرچی هەندێك بەندی یاساکە جێگەی مشتومڕو گفتوگۆی هونەرمەندانە، بەڵام بە کۆی گشتی گەر بە تەواوەتی ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت ئەوا دەسکەوتێکی باش دەبێت بۆ هونەرمەندی کورد، تەوەری سەرەکیی دیدارەکەمان قسەکردن بوو لەسەر بۆشایی و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی یاسای مافی هونەریی هونەرمەند، جگە لە هەندێ پرسی گرنگ و هەستیاری ئەمڕۆی نێوەندی کوردی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە و چەند پرسێکی گرنگی تر دیدارێکمان لەگەڵ مۆزیککار هەڵکەوت زاهیر ڕاوێژکاری هونەریی سەرۆکی حکومەت سازکرد، ، ئەم دیدارەی کە دەیخوێننەوە پوختەی ئەو دیدارە دوورودرێژەمانە...

**سازدانی:ئاینده**



عەلی حەجار،
هەڵکەوت زاهیر

***با سەرەتا لەوەوە دەستپێبکەین بەحوکمی ئەوەی کە تۆ راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی بۆ کاروباری هونەری، دەکرێت بزانین پێگەی هونەر لەلای حکومەتی هەرێم چەندە؟**

–دیارە مایەی گرنگیدانی سەرۆکی حکومەتە کە راوێژکارێکی بۆ لایەنێکی زۆر گرنگی ئەمڕۆی ژیانمان داناوە کە (هونەرە)، پێم وابێت پێشتر کاروباری هونەر بەشێوازێکی پرۆفیشناڵ نەبوو، هاوکاریی هونەرمەند کراوە، بەبێ بوونی بنەمایەکی رێکخراوو بەرنامە بۆ دارێژراو، بەڵام پێم وایە سەرۆکی حکومەت بەپێویستی زانی نوسینگەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران دروست بکات، بنەمایەکی راستی بۆ کاروباری هونەری دروست بکرێت، پێم وابێت لەم سۆنگەیەوە راوێژکاری هونەری کارەکانی دەستپێدەکات.

***بەڵام تۆ پێت وایە دانانی راوێژکارێك بۆ کاری هونەری بەس بێت بۆ لاکردنەوەی حکومەت لە کاروباری هونەری؟**

–من لە کاتی دەستبەکاربوونمەوە تا ئێستا کۆمەڵێك کارو پرۆژەی زۆرم هەبووەو بەو نیازەش ئیشم کردووە کە هەمووی یان بەشی زۆری بخەمە بواری پراکتیکییەوە، کە گرنگترینیان یاسای جێبەجێکردنی مافی هونەریی هونەرمەندە، راستە ئەم یاسایە رەنگە لێرە زەحمەت بێت بۆ جێبەجێکردن تا بتوانین قەناعەت بەحکومەتو پەرلەمان بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، ئەمەوێت ئەوەش بڵێم ئەم یاسایە رەنگە وا بەزوویی جێبەجێ نەبێت، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم یاسایە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێتو یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندیش وەك زۆرێك لە بەندە یاساکانی تری کاروباری هاووڵاتی کوردستان فۆرمێکی یاسایی وەردەگرێت.

***بەڵام ئەوەی ئەم یاسایە دەخاتە بەردەم رەخنە ئەوەیە کە جارێك شتی گەورەترو گرنگتر ماوە بۆ هونەرمەندی کورد بکرێت تا ئەوەی مافی هونەری نەخورێت، لەوانە فرسەتی چوونە دەرەوەو بینین بۆ هونەرمەندی کورد، کە ساڵانێکە هونەرمەند لەم هەرێمەدا وەك ئەوە وایە لە زیندانێکی گەورەدا بێت..هەست ناکەیت دابینکردنی ئەم مافانە بە مافی پاراستنی بەرهەمی هونەری بۆ هونەرمەندی کورد پێویستربێت؟**

–ببوورە رەنگە من لەگەڵ ئەو رەخنەیەدا نەبم، چونکە تۆ وەك هونەرمەندێك گەر مافێکت

نەبێتو بەشێوەیەکی یاسایی نەپارێزێت، رەنگە هیچ شتێکی ترت بۆ سەرنەگرێت، نە وەك بەرهەمهێنانی کاری هونەری، نە وەك بۆچوونێك تەنانەت لە بواری خوێندنیشدا بێت، یەکێك لە پایە سەرەکییەکان بۆ گەشەی کاری هونەریو پاراستنی بەرهەمو مافەکانیان پێویستە یاسایەکی تایبەت هەبێت، ئەمە لە هەموو ولآتێکدا هەیەو بووەتە نەریتێك، تەنانەت لە ولآتانی ئەفریقاش ئەم یاسایە هەیە کە هونەرمەندان دەتوانن مافەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی بەدەست بێنن، بۆیە لە یەکەم مانگی دەست بەکاربوونمەوە وەك راوێژکار هەوڵی جدیم دا بۆ بە دەستهێنانو جێگیرکردنی ماف هونەریی هونەرمەند، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر کۆبوونەوەی بەرفراوانم لەگەڵ هونەرمەندان سازدا تا بتوانم کرۆکی یاساکەیان بۆ باسبکەمو هەمووماں پێکەوە گەلآڵەی یاسایەك بکەین کە ئیدی هونەرمەندی کورد لە مافەکانی خۆی بەتایبەتی لە رووی بەرهەمی هونەرییەوە بێبەش نەبێت، ناکرێت گۆرانیبێژێك یان مۆزیککارێك چەندین مانگ بە بەرهەمێکەوە سەرقاڵی دەبێت پاشتر لە تەلەفزیۆنێکەوە بەخۆڕاییو بەبێ بوونی هیچ مافێك بەرهەمەکە نمایش بکرێت.

***یەکێك لە بەندەکانی یاساکە ئەوەیە کە دەڵێت (پێویستە بەر بە کۆپیکردنەوەی سیدیی گۆرانیبێژان بەشێوەیەکی قاچاغ بگرین)، هەست ناکەی ئەم بەندە هێندەی پەیوەستە بەبیرکردنەوەو چێژی گوێگری ئێمە، هێندە پەیوەست نییە بە یاسایەکەوە، چونکە تا هەنوکەش گوێگری ئێمە رانەهاتووە سیدیی کۆپیکراو نەکڕین، پێت وانییە یاساکە پێویستی بەوە هەبێت بنەمایەك بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو گوێگرە دابنێین تا قەدەغەکردنی کۆپیکردنەوەی سیدی بەشێوەیەکی قاچاغ؟**

—ئەمە کاری کولتوورو فەرهەنگە، پێم وایە ئەم قسەیەی تۆ حەقیقەتێکی زۆری تێدایە، ئەمەش تەنها بە یاسایەك ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەوەزارەتی پەروەردەو هاوکاریکردنی وەزارەتی رۆشنبیری هەیە، کە هەما هەنگی هەبێت لە نێوانیاندا بۆ دروستکردنی ئەو هۆشیاریەی تۆ باسی دەکەی، کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە لە قوتابخانە وانەی کولتوور بخوێنرێتو بەهای لای منالّ دروست بکرێت بۆ ئەوەی هۆشیارییەکە ببێتە هۆشیارییەکی پەروەردەیی.

دەبێت هەر لە منالّیەوە هاوولآتی رابێنین کە سیدیەکی ئۆرجینالّ کوالیّتی باشترو بەهێزترە لە سیدییەکی کۆپیکراو، تا ئێستاش بەداخەوە هاوولآتیو گوێگری ئێمە وادەزانێت کە هونەرمەندێك گۆرانی دەڵێت ئەو گۆرانییە هی ناخی خۆیەتیو نازانێت لە گۆرانیدا شاعیرو مۆسیقارو ئەندازیاری دەنگو چەند کەسایەتییەك بەشدارن، پاشان پاراستنی ماف هونەریی هونەرمەند تەنها ئەم خاڵە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بنەماو یاسای تری تێدایە کە بەجێبەجێکردنی وا لە هونەرمەند دەکات بتوانێ ژیانی تایبەتیشی بەشێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوەبەرێت و پێویستی بەهیچ شتێك نەبێت جگە لە سەرقاڵبوون بە کاری هونەرییەوە، بۆ نموونە، ئەگەر من ئاوازدانەرێك بم ئاوازێك دابنێم ماف خۆمە لە هەر کەناڵو شوێنێکەوە ئەو ئاوازە دابەزێ ماف مادیی خۆم وەرگرم، ئەوسا هونەرمەندی کورد پێویستی بە هیچ شتێك نابێت جگە لەوەی کە ماف خۆی وەردەگرێت لەڕووی مادییەوە، ئەمەش وا دەکات

جارێکی تر بەتەنها سەرقاڵی کاری هونەری بێت، نەك بڕوا لە چێشتخانەیەکدا یان لە شوێنێکی تردا بۆ بژێویی ژیان بەشێکی زۆری کاتەکانی بەرێتە سەر.

*** پێت وایە کولتوورێکی چەند سەدەیی دروست بووە بۆ هونەرمەندی کورد تۆ یان پارلەمان دەتوانن بەیاسایەك بیگۆڕن؟**

—ئەمە هەنگاوێکە من ناڵێم بەرۆژو دوو ڕۆژ دەگۆڕێت، هەموو کارێکیش گەورە یان بچوك پێویستی بە هەنگاوی یەکەم هەیە، ئێمەش وا ئێستا هەنگاوی یەکەممان ناوە. کە ڕەنگە چەند ساڵێکی بوێت تا یاساکە جێی خۆی بگرێت.

***بەڵام ئایا ئەم یاسایە دەتوانێت سەد دەر سەد مافی هونەری بۆ هونەرمەندی کورد بگێڕێتەوە؟**

—لەم یاسایەدا دوو گرنگی هەیە، یەکەم ئەگەر تۆ وەك هونەرمەندێك بەرهەمێکت بەشێوەی ڕەش لە بازاڕدا فرۆشرا ئەوا دەتوانیت شکات بکەیت، لەو حاڵەتەدا یاسایەك هەیە حەقی تۆ ئەپارێزێت، یاسایەك هەیە پاداشتی تۆ وەردەگرێت، ئەبێ ئەوەش بڵێین نابێت ئێمە هێندە ڕەشبین بین، چونکە میللەتی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی میللەتێکی هونەردۆستە و ڕێز لە بەهای هونەریی میللەتەکەی دەگرێت. بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوبەر کە هونەرمەندێك ئەلبومێکی بڵاوبکردایەتەوە (5000) پێنج هەزار دانە زیاتر لەو ئەلبومە بەشێوەی ئۆرجیناڵ نەدەفرۆشرا، بەڵام لەم ماوەیەدا کە ئێمە سەرقاڵی ئەم یاسایەین، هونەرمەند هەیە لە ماوەی دوو هەفتەدا (25-30) هەزار دانە سێدیی ئۆرجیناڵی فرۆشتووە، کەواتە ئەم یاسایە کەم تا زۆر کاریگەری هەبووە.

***بەڵام هەست ناکەی ئەو هونەرمەندەی سیدییەکەی (30.000)دانەی لێ ئەفرۆشێت پەیوەستە بە توانای هونەریی هونەرمەندەکەوە، چونکە هونەرمەند هەیە سیدیی بڵاوکردۆتەوە (200) دانەی لێ فرۆشراوە؟**

—من باسی هونەری پرۆفیشناڵ دەکەم، باسی کاری هونەری جدی دەکەم، باسی هونەرمەندی دەنگخۆش دەکەم، نەك کەسێك خۆشی نەزانێت بۆ کاری هونەری دەکاتو گۆرانی دەڵێت، ئەو هونەرمەندەی کە (30) هەزار دانەی لە سیدییەکەی فرۆشراوە لە هەمانکاتدا ئەو ئەلبومە بەشێوەی کۆپیکراو لە بازاڕدا هەبووە، بەڵام خەڵکەکە تاڕادەیەك هۆشیار بووەو زانیویەتی ئەو سیدییە وا لە خۆڕا بەرهەم نەهاتووە، بۆیە سیدییە ئۆرجیناڵەکەی کڕیوە نەك کۆپیەکەی بازاڕ. بۆیە هەموو کارێکی هونەری پێویستی بە پرۆژەو ئیش بۆ کردن هەیە، ئەگەر نا خۆ نابێ بڵێین مادام کلتورێکی چەند سەدەیی دروست بوە لە هونەر پێویستە چەند سەدەیەکمان بوێت بۆ گۆڕانکاری جاری وا هەیە، کولتووری چەند سەدەیەك بە دە ساڵێك دەگۆڕێت.

***پێت وایە تەواوی یاساکە وەك خۆی گەشتبێتە ڕۆژنامەکانی ئێمەو گفتوگۆیەکی جدیی لەسەر دروست بووبێت؟**

— لە ڕاستیدا پێویستە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی ئێمە گرنگییەکی زۆر بەم یاسایە بدەنو سیمیناری لەسەر بکەن، ئەو کەسانەی لە بواری هونەردا دەنووسن لە ڕۆژنامەکاندا سەرنجو تێبینی خۆیانی لەسەر بڵێن، بۆ ئەوەی یاسایەکی ڕێکوپێكو چڕوپڕ دروست بێت، پێویستە ڕۆژنامەکان گرنگی بەو گۆڕانە بدەن کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بارودۆخو کاروباری هونەری دروست بووە دەبێت ئەوان ئەو گۆڕانە ئیشی لەسەر بکەن ..

بـەدەر لـە کـاری ڕۆژنامـەکانیش ئێمـە لـە بەرنامەماندایـە گۆڕانکـاری تەنانـەت لـە شـوێنو ناوی فرۆشتنی سیدییەکانیش بکەین، چـونکە لـە ڕاستیدا ئەوە ناوێکی هەڵەیە کە دەڵێت تۆمارگە، بەڵکو ئەوە دەکرێتە سەنتەری فرۆشتنی دەنگـو ڕەنگ، تۆمارگە واتا ستۆدیۆ، کە زۆر لە کاروباری ئەوانەوە دوورە. بەڵکو سەنتەرەکە ئەو شـوێنەیە کە خەڵك دەچێت سییدیەکی لێدەکڕێت.

***بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە تۆ باسی دەکەی بەبڕوای من پەیوەندیی بە وەزارەتـی ڕۆشـنبیریو پەرلەمانەوە هەیە، کە تا ڕادەیەك لە ئیشی تۆ وەك ڕاوێژکارێك نزیکەو تێکەڵی هەیە لەگەڵ کاروباری وەزارەتی ڕۆشنبیری؟**

—پـێم وایـە ئەمـە ئیـشێك بـوو دەبوایـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری چـەند سـاڵێك لەمـەوپێش بیکردایە، بەڵام کە نەکراوە پێویست بوو کەسێك هەسـتێت بـەم کـارە. هەرچـەندە تاڕادەیـەك وەزارەتـی ڕۆشـنبیری کەسـانی وای تێدایـە کـە ڕەنگە هونەرمەند نـەبنو لـە کاروبـاری هونەریش تێنەگــەن، بۆیـــە پێویـــست بـــوو کەســێکی پرۆفیشناڵی تر بەم مەسەلەیە هەستایە.

بەحوکمی ئەوەی من کاری مۆسیقیو هونـەر دەکـەم ئیشەکانیـشم وەك ڕاوێـژکاری سـەرۆکی حکومـەت بـۆ کاروبـاری هونـەری بەدڵنیاییـەوە تێکەڵی هەیە لەگەڵ وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، بۆیـە هەر دەشبێت ئەم تێکەڵییە ببێت گەر نا شـتێکی ناتەندروستە..

*** تا چەند هونەرمەنـدی کـورد دەتوانێـت بـە باگراوندێکی کەمی ڕۆشنبیرییەوە پـشتگیری لـەم یاسـایە بکـات، وەك دەزانـین بەشـی زۆری هونەرمەنـدەکانمان لـە ڕووی باگراونـدی ڕۆشنبیرییەوە لاوازن؟**

—ڕاسـتە زۆر وایـە. هیـوادارم هونەرمەنـدی کـورد زیـاتر هـەوڵی پڕکردنـەوەی باگراونـدی ڕۆشـنبیریی خـۆی بـدات، بـەڵام هەشـیانە باگراوندێکی ڕۆشنبیریی باشـی هەیـەو دەتوانێت بەشـێوەیەکی جـوان لەسـەر بەرهەمەکـەی خـۆی قسە بکات، بۆ نموونە (دیاری قەرەداغی) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی خاوەنی ڕۆشنبیریەکی باشەو دەتوانێـت بەشـێوەیەکی هونەریانـە لەسـەر بەرهەمەکانی خۆیو بـارودۆخی هونـەری کـوردی قـسە بکـات، زۆرجـاریش بەیەکـەوە دانیـشتووینو گفتوگۆی جدیمان لەو بواردا کردووە.

***بەدەر لەمە ئایا پێویست نییە ئێمە بگەڕێینـەوە بۆ ئەو پاشخانە بەرفراوانەی کە لە بواری فۆلکلـۆرو مۆزیكو حـەیرانو بەیتـدا هەمانـە، جـارێکی تـر بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ تر کاریان تێدا بکەین؟**

—لـە یاسـاکەدا هـاتووە، ئـەو بابـەتو کـارە هونەرییانەی کە لە پێشوودا کراون جارێکی تر بە فـۆڕمێکی پرۆفیـشناڵ تـرو هونـەریی تـر تۆمـار بکرێنەوەو گەر خاوەن بەرهـەم لـە ژیانـدا مابێت سـوودی مادیـشی بـۆی دەبێـت، یـان هەنـدێ بەرهـــەمی حـــەیرانو گـــۆرانی لای کەســوکاری هونەرمەندەکە مـاون، هـەوڵ بدرێت جـارێکی تـر بەشــێوازێکی هونەریانــە تۆمـــار بکرێتـــەوەو کــەس‌وکاری هونەرمەنـــدە کۆچـــکردووەکەش سوودی مادیی لێ ببینن.

***ئەم هەوڵە چەند لەگـەڵ ئـەو هەوڵانـە یـەك دەگرێتەوە کـە هەنـدێك ناوەنـدو تیپـی هونـەری لەوەوپێش کردوویانە بۆ تۆمارکردنو کۆکردنەوەی کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمی گۆرانیی فۆلکلۆر؟**

—ئـەم یاسـایە یـەك دەگرێتـەوە لەگـەڵ ئـەو هەوڵانـە، بـەڵام جیاوازییـەکی هەیـە، بەداخـەوە هەنـدێ لـەو هەوڵانـە بـەبێ پرسـی کەسـوکاری

گۆرانیبێژو هونەرمەندەکان کراونو هیچ سوودێکی مادییان لەو کۆکردنەوەیە نەبینیوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی یاساکەیە.

***لایەنێکی تریش هەیە، زۆرجار لە گۆرانیو کاری هونەریدا مافی مۆزیککارەکە دەفەوتێت بەوەی زۆرجار ئەو گۆرانیبێژانە کە گۆرانییەك تۆمار دەکەن گوێگر تەنها ناوی گۆرانیبێژ دەزانێت ئیدی ئەو لەشکرە مۆزیککارو تەکنیککارە کە رۆڵیان بینیوە لە بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمەدا ناناسرێنو ونن؟**

—کاتێك ئێمە دەڵێین پێویستە هاووڵاتی سیدیی ئۆرجینالٚ بکڕێت مەبەستەکەم ئەمەبوو، لە بەرگی سیدییەکەدا هەموو زانیارییەکان نووسراون، کە کێ شاعیرە؟ کێ مۆسیقارە؟ کێ ئاواز دانەرە؟ کێ سۆلۆی ئیشەکە دەژەنێت؟ کاتێك لە وڵاتێکی عەرەبیدا یان لە ئەوروپا سیدییەك دەکڕیت هەموو ئەو زانیاریانە نوسراوە، بۆیە لەوێ گوێگرێك کە سیدییەك دەکڕێت یەکسەر دەزانێت ئەو بەرهەمە کێ مۆسیقای بۆ کردووە، تەواوی زانیارییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو سیدیە دەزانێت. نەك وەك لای ئێمە خەڵك هەر دیاری قەرەداغی یان ئەیوب عەلی یان لەیلای فەریقی یان باخان..هتد دەناسێتو ئیدی نازانێ کێ کارەکانی تری بۆ کردووە..

لە ئەوروپا کە ئەلبوومی هونەرمەندێك دەکەوێتە بازاڕەوە دەڵێن فلان ئاوازدانەر یان فلان مۆسیقی ئەو کارەی کردووە، چونکە لە بنەڕەتدا گۆرانی هینی ئاوازدانەرە، گۆرانیبێژیش یەکێکە لە ڕەگەزە بەشداربووەکان، دایکی کاری موزیکی ئاوازدانەرە، لەبەر ئەوەی ئەو خاوەنی فکرەی ئەو گۆرانییەیە، بەلام لێرە ئەم هاوکێشەیە بەتەواوەتی پێچەوانە بووەتەوە، ئەو یاسایەی کە باسمان کرد بەشێوەیەکی ڕێکوپێكو یاساییانە هەوڵی چارەسەر ئەم گرفتانەشی داوە، دڵنیام گەر جێبەجێ بکرێت هونەرمەندی کورد لێی سودمەند دەبێت.

***ئەو گۆڕانانەی کە تۆ باسی دەکەیت لە بواری خوێندنداو دانانی وانەی کولتوورو مۆزیك هەست ناکەیت ئەوە کارێکە ئیشکردنێکی زۆری دەوێتو قورسترە لە یاسایەکی هونەری، بەڵکو ئەوە ئیشکردنێکی گشتگیری دەوێت، دواتریش بە پاڵپشتیکردنی لە لایەن حکومەتەوە ئەوسا دەبێتە ئەمری واقیع؟**

—ئەوەی تۆ دەیڵێیت زۆر راستە، بەلام خۆ ناشبێت ئێمە بوەستین، پێویستە من، تۆ، حکومەت، پەروەردە، هەمووی پێکەوە ئیش بکەین، ئەوسا ئەمە دەبێتە یاساو نەریت، خۆ لە خۆڕاو بێ ئیشکردن هەروا گۆڕانکاری ناکرێت، هەر واش بووە هەموو پرۆژەیەك پێویستی بە ماندووبوونی زۆر هەیە، تۆ راستت وت منیش لەگەڵتام ئەم کارە زۆر پەیوەندیی بە وەزارەتی پەروەردەو حکومەتەوە


هەڵکەوت زاهیر لەگەڵ سەمفۆنیای تاران

هەیە، ئەوان دەتوانن ئەو گۆڕانکارییە بکەنە بڕیار، هەروەك بۆ نموونە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان هەیە، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە، لە هەمانکاتیشدا ئەم پەیمانگەیە تایبەتمەندە لە رووی کارو پرۆگرامو وانە وتنەوەوە، بۆیە دەکرێت لە ئاستی سەرەتاییو ناوەندیشدا ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو بگیرێت بۆ وانەی کولتوورو مۆزیك، بەلام بەداخەوە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان گرفتی ئیدارییان زۆرە، جگە لە گرفتی پەروەردەیی، بۆ نموونە من ئاگادارم زۆرێك لە قوتابییانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان سکالایان هەیە لە وانەی عەرەبی، چونکە قەواعیدو ئەدەبێکی وشکیان هەیە، پێم وابێت بەدەر لەو گۆڕانکارییانە پێویستە وەزارەت گۆڕان لەم پرۆگرامەشدا بکات، بۆ ئەم مەبەستە من خۆم لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە قسەم کردووە، پێشنیاری ئەوە هەیە ئەو عەرەبییە وشکە بکرێتە وانەی فێربوونی زمانی عەرەبی، یان مێژووی زمانو پێکهاتەی زمان.

***بەدەر لە تەوەری یاسای مافی هونەرمەندان، تۆ وەك راوێژکارێك زۆرجار رەخنەی ئەوەت لێدەگیرێت، هێندەی کار بۆ مۆزیکییەکان دەکەیت کەمتر بۆ شێوەکارو شانۆکاران، لەکاتێکدا تۆ راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی بۆ کاروباری هونەری نەك تەنها مۆزیکی؟**

–رەنگە ئەو کەسانە وا بزانن کە من تەنها کاری مۆزیکی دەکەم بۆ مۆزیککارەکان، ئەوە باش لە کارەکە نەگەیشتبن، یان بە وردی ئاگادار نەبن، چونکە من زۆرێك لەو ئیشانەی دەیکەم چالاکیی هونەریی تایبەتی خۆمە من کە کاری مۆزیکی بۆ سییدی گۆرانیبێژێك دەکەم، ئەوە هیچ پەیوەندی نییە بە سەرۆکی حکومەتەوە، ئەوە چالاکیی خۆمە وەك مۆزیککارێك دەبێت خەڵکی ئەوە بزانن، لە هەمانکاتیشدا هەندێ کار هەیە حکومەت یان ئەنجومەنی وەزیران پارەتیان داوە تا بەرهەمهاتووە، جگە لەمەش حکومەت خەریکی دروستکردنی سینەمایە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، وەك کەرتی تایبەت وا سینەمای هەولێرو دهۆك لە دروستکردندایە، سلێمانی هەوڵ هەیە، لە رانیە و هەڵەبجەو شارۆچکەکانی تریش قسەکردن هەیە لەگەڵ خاوەن کارو دەوڵەمەندەکان بۆ دروستکردنی هۆڵو شوێنی سینەما، لە هەولێر دروستکردنی گەلەرییەك لە قۆناغی تەواوبووندایە کە دەبێتە ماڵێكو بازاڕێك بۆ شێوەکارانی کوردستان، جگە لە چەند لایەنی هونەریی تریش من وەك راوێژکار هەوڵی ئیشکردنم داوە بۆیان، بەلام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە من کاری مۆزیکی بۆ گۆرانیبێژێك دەکەم زۆر جیاوازە لەکاری خۆم وەك راوێژکارێکی سەرۆکی حکومەت..

***باشە تۆ لە مامەڵەکردنت لە تەك چینی هونەرمەندانداو پاشتر وەك کۆنتاکتی نێوان حکومەتو هونەرمەندان هەست بەوە ناکەیت زۆر توشی گرفت ببیتو زۆرجاریش توشی هەندێ شەڕی ناشەریفانە ببیت؟**

–با، بەڕاستی توشی ئەو شەڕانەش بووم، بەلام هەرگیز گوێم بەو گرفتانە نەداوە، من بەردەوام ئامانجو ئاواتێکم هەبووە کە پێویستە کار بۆ هونەرێکی پرۆفیشناڵی کوردی بکەم، تۆ دەتەوێت لەم واقیعەداو لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە گەورەیەدا بیتو لەم نێوەندەی خۆشماندا کە منو تۆ دەزانین چۆنە، کاربکەینو تووشی گرفت نەبیت، بەخوا دەبینو بووشم،

بەلأم من بۆ خۆم گوێم بەوانە نەداوەو بەردەوامم لە ئیشکردنی خۆم تا ئەوکاتەی ئامانجەکانم بەدیدێت، کە گەیاندنی هونەری کوردییە بە قۆناغێکی بالأو پرۆفیشنالّ.

***ئەی هەست ناکەیت لە نێوەندی هونەریی کوردیدا پاشاگەردانییەکی زۆر هەیە و ڕەنگە توانای تۆش دیاریکراو بێت و نەتوانیت چارەسەر بۆ ئەو پاشاگەردانییە بدۆزیتەوە؟**

*بەدڵنیاییەوە وایە، من هەرگیز ناتوانم هەموو ئەو پاشاگەردانیە چارەسەر بکەم، نەمووتوە دەتوانم هەموو کێشەی هونەریو هونەرمەندان چارەسەر بکەم، بەلأم بەپێی توانای خۆم هەولّمداوەو زۆر هونەرمەندی کوردیش شایەتی ئەو راستییەن، بۆ نموونە دوو برادەر لە سلێمانییەوە کە شێوەکارن هاتنە لای من ووتیان ئێمە بۆ سەرفەرکردن دەچینە دەرەوەی ولأت، بەلأم ناوی ئێمەیان دەرهێناوە، منیش وەك کارەکەم لە کێشەکەیان تەداخولم کرد، لەگەلّ وەزارەتی رۆشنبیریو شوێنە پەیوەندددارەکان، دواجار کێشەکەمان چارەسەرکردو ئێستا ئەو دوو هونەرمەندە چوونەتە دەرەوە بۆ خوێندنەکەیان، ئێ باشە خۆ ئەوان مۆزیکی نەبوون، بەلّکو شێوەکاربوون، کەواتە من هەموو هونەرمەندێك بەیەك چاو سەیردەکەم بەجیاوازیی کارەکەی مۆزیکی یان شانۆ یان شێوەکار، بەلأم لە هەموو شوێنێك هونەرمەندی جدی لە هونەرمەندی ناجدی جیادەکرێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی من لە رێگەی خۆمەوە وەك راوێژکار لە سەردانم بۆ هەنگاریاو قسەکردن لەگەلّ وەزیری دەرەوەو چەندین بەرپرسی ئەو ولأتە توانیم دوو زەماڵە وەربگرم، یەکێکیان بۆ سینەما ئەویتریان بۆ شێوەکارەو هیچیشیان مۆزیك نەبووت، کەواتە هەموو ئەو دەنگۆیانەی باسی ئەوە دەکەن کە من تەنها بۆ مۆزیکییەکان ئیش دەکەم راست نییەو ئێستا ئەو دوو بەرێزە سەفەریان کردووەو لە هەنگاریاش دەخوێنن.

***بەدەر لە راوێژکاری سەرۆکی حکومەت، بەدەر لە کاروباری مۆزیك، ماوەیەکی زۆریش وەك رۆژنامەنووسی هونەری لە ئەوروپا کارت کردووە، ئایا کاری رۆژنامەنووسی داینەبڕیت لە کارەکەی خۆت؟**

—کاری رۆژنامەنووسی کە لە ئەوروپا ئەنجامم دەدا، هۆی سەرەکیی بەدەر لەو حەزەی کە خۆم هەمبوو بۆ ئەو بوارە، جگە لەوەش من وەك نزیکییەك لەگەلّ ئەو هونەرمەندانەی ئەوروپا، بەتایبەتی نزیکی لە رووی کاری هونەری، بۆیە زۆر جار کارو چالاکیمان هەبووە، لەبەر بێکەسی من چوومە ژێر ئەو بارەش، بەتایبەتی بۆ دیدارو چاوپێکەوتنەکان لەگەلّ ئەو هونەرمەندانە خۆم پێی هەلّدەستامو بلأوم دەکردەوە لە رۆژنامەو سایتەکاندا، ئێستاش ئەو دیدارە هونەرییانە سەرقالّی کۆکردنەوەیانمو لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆیان دەکەمەوەو وەك کتێبێکی سەربەخۆ بلأویان دەکەمەوە، کتێبەکەشم ناو ناوە (پەمەیی).

***یەکێکی تر لەو رەخنانەی کە لە تۆ دەگیرێت ئەوەیە کە گرنگیت بە کەسانێکی دیار داوە و ئیشت بۆ کۆمەلّێك کەس کردووە لە رووی مۆزیکییەوە، ئەو کەسانە گۆرانیبێژی دیارو بەناوبانگن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

—ئەمە زۆر راستە، کارکردنی من وەك مۆزیکییەکە لەگەلّ گۆرانیبێژە دیارو بەناوبانگەکان بووە، هەندێ جار ئەو کەسانە

هەستیان کردووە توانای خۆیان زیاترە لەو ئیشانەی کە پێشتر بۆیانکراوە، بۆیە ماف خۆشیانە بگەڕێن بەدوای باشتردا، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەشەوە من لەگەڵ ئەوەی ئیشم بۆ ئەو کەسە ناودارانە کردووە، لە هەمانکاتیشدا دەستی هەندێ گەنجم گرتووە، کە لەسەرەتای کارکردنی هونەریدان، لەوانە هەیانە من ئیشم بۆ کردووە بوو بە یەکێك لە گۆرانیبێژە زۆر ناودارەکانی کوردستان، لەکاتێکدا پێشتر هەر گۆرانیشی نەوتووە، وەك دڵنیا رەزازی، کچێکی تر کە لە سەرەتادایە نە کەس ناوی بیستووەو نە کەس دەیناسێت ناوی (باخان)ە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم کچە یەکێك دەبێت لەو کەسانەی کە داهاتوویەکی زۆر گەشی دەبێت لە هونەری کوردیدا، کەسێك دەبێت لە مێژووی کورددا ناوی وەك پێشەنگ تۆمار دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا بەتەواوەتی لە کرۆکی پرسیارەکەت گەیشتم کە بەڵێ ناتوانم کارێکی خۆم کە زۆرم خۆش دەوێت بیدەم بە هەموو کەسێك بەئارەزووی خۆی بیڵێت، من پرسیار لە تۆ دەکەم، تۆ دەقێکی شانۆیی بنووسیت ئەیدەیت بە هەموو دەرهێنەرێك ئیشی تێدا بکات؟ یان هەوڵ ئەدەیت بیدەیت بە دەرهێنەرێك بە جوانترین شێوە ئیشی تێدا بکات؟ من بۆ هەموو کارێکی خۆم لە سەرەتاوە تا دوا چرکەی تەواوبوونی خۆم بەسەریەوە نەبم ناتوانم، چونکە کاری هونەری پڕە لە گۆڕانو بەرزونزمی، تەنانەت گەر لە دەرەوەش تۆمار بکرێت دەبێت خۆم بەسەریەوەبم، ئەوسا دڵنیادەبمو رێگە دەدەم بڵاوبکرێتەوە.

***زۆربەی کارەکانت دەبەیتە ستۆدیۆکانی دەرەوە، بەتایبەتی ئەوروپا، بیرت لەوە نەکردووەتەوە خۆت ستۆدیۆیەکی تایبەتت هەبێت، لەکاتێکدا دەنگۆی ئەوە هەیە، کە تۆ بەتەمای ستۆدیۆیەکی زۆر گەورەیت لە شاری هەولێردا دابمەزرێنیت؟**

—نەخێر من بەتەمای ئەوە نیم، چونکە بەهۆی سەرقاڵیو جەنجاڵیی کاری مۆزیکی خۆمو کاری ئیداری کاتم نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری ستۆدیۆیەکیش بم، وەك وتم من تەنها پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی عەرەبو ئەورووپیش هەمە، جا چۆن کاتم دەمێنێتەوە بۆ بەڕێوەبەری ستۆدیۆو کۆمپانیا.

***یەکێك لە گرفتەکانی گۆرانیو مۆزیکی کوردی ئیشکردنە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا بەتایبەتی لەسەر ئاستی زمان، تۆ هیچ هەوڵێکت هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم گرفتە؟**

—بەڵێ، هەوڵێکم هەیە، سەرەتاش لە زمانی عەرەبییەوە دەستم پێکردووە، کە گۆرانییەکی لەیلای فەریقیو گۆرانیبێژی ناوداری عەرەبی (عەلی حەجار) بەیەکەوە دەیڵێن، سەرەتا لەیلا بە کوردیو عەلی حەجار بە عەرەبی، پاشتر لەیلا دەیکات بە عەرەبیو عەلی حەجاریش دەیکات بەکوردی، ئەم هەوڵە پێم وابێت هەوڵێکە بۆ ئەوەی گوێگری عەرەبی گوێ لە گۆرانیو مۆزیکی کوردی بگرن، لەکاتێکدا ئێمە وەك کورد نزیکترین گوێگر لێمانەوە عەرەبن، کە کارەکەش بەشێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵانە کراوەو بەکوالیتێکی زۆر بەرز کراوە.

***بۆ لە عەرەبییەوە دەستت پێکرد؟**

—هۆکار زۆرە، لەوانە ناساندنی زمانی کوردی لە رێگەی هونەرەوە، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت تەواوی میللەتی عەرەب گوێبیستی

زمانی کوردی بێت، بێگومان کە لەڕێگەی میدیاکانەوە پەخش دەبێت، ئەمە دەستکەوتێکی سیاسیی گەورەیە بۆ ئێمەی کورد ، هەروەها دەسکەوتێکی کولتووری و هونەریشە بۆ میللەتی کورد بەتایبەتی کە ئێمە کێشەی گەورەمان هەبووە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، پاشان هونەر ڕێکەوتی خۆی هەیە، بۆ هەر کارێك کاتی گونجاو و کاتی هونەریی خۆی هەیە، واش ڕێکەوت ئەم کارەمان بە زمانی عەرەبی و کوردی بێت، بەدەر لەمانەش ئێمە لەگەڵ عەرەبدا لەوڵاتێکدا دەژین کە عێراقە و جگە لەوەش لەڕووی کوالێت پێکهاتەوە نزیکی هەیە لە فەرهەنگو کولتوورمانەوە، هەروەك چۆن جیاوازیشمان هەیە، بەڵام زۆر پێویستە لەم قۆناغەدا گوێگری عەرەبی گوێ لە مۆزیكو گۆرانیی کوردی بگرێت.

***زمان رەگەزێکی گرنگە بۆ گۆرانی، تۆ پێت وانییە ئەمرۆ بۆ گۆرانیبێژی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین زۆر پێویستە بە زمانە زیندووەکانی دونیا گۆرانی بڵێن؟**

—بەبڕوای من تەنها ئەوە گرنگ نییە گۆرانیبێژێکی کورد بە ئینگلیزی یان عەرەبی یان هەر زمانێکی تر گۆرانی بڵێت، بەڵکو ئەوە لای من گرنگە کە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنی هونەری لەگەڵ هونەرمەندی کورددا بەشداربێت، کۆمپانیایەکی وەبەرهێن بێت ریکلام بۆ کاری هونەرمەندی کورد بکات، پێویستە تەلەفزیۆنو ناوەندە ریکلامییەکانی دونیا لە بواری مۆزیكو گۆرانی بەرهەمی گۆرانیبێژی کورد پەسەند بکەن، ئەوسا دەتوانین بڵێین هونەرمەندو گۆرانیبێژی کورد ئیشی جدیی کردووە، ئەگەر مەبەست تەنها زمان بێت من دەتوانم لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە هەموو زمانەکان گۆرانی دابنێم، ئایا ئەمە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی گۆرانیی ئێمە پێشکەوێت؟ بەڵام کێ لێیدەدات ؟ چ کەناڵێك لە تەلەفزیۆنەکەیەوە نمایشی دەکات؟ مەگەر بەس تەنها کەناڵەکانی خۆمان، گەر نا


مهرجان إتجاهات عربية
(الدورة السادسة)
شهادة تقدير
يتشرف المركز الثقافي القومي "دار الأوبرا المصرية" أوركسترا القاهرة السيمفوني
بمنح شهادة تقدير إلى ......
وذلك للتفوق في مجال ...... التأليف
مع أفضل الأمنيات بدوام التوفيق،
رئيس مجلس إدارة المركز الثقافي القومي ورئيس المهرجان
د. عبد المنعم كامل
مدير عام المهرجان
د. إيناس عبد الدايم
أوركسترا القاهرة السيمفوني
Cairo Symphony Orchestra

زۆربەی گۆرانیبێژانمان لە ئەوروپا دەتوانن بە زمانی ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی تێیدا دەژین گۆرانی بڵێن، بەڵام پێویستە پێش ئەمە ئێمە مۆزیککاری بەناوبانگ، ئاوازدانەری جیهانیو ناوەندو کۆمپانیای جیهانی پشتگیریمان بکات ئەوسا کارەکەمان سەرکەوتوو دەبێت، کە من کارم لە وڵاتی عەرەبی کردووە خەڵاتی باشترین بەرهەمم لەسەر ساحەی وڵاتانی عەرەبی وەرگرتووە، پێویستە بەم هەناسەیەو بەو رۆحییەتە کار بکەیت، ئەوسا گۆرانیو هونەری کوردی بەرەوپێشەوە دەچێتو سنورە دیاریکراوەکان دەبڕێت، من کارم بۆ زۆر گۆرانیبێژی عەرەبی زۆر ناودار کردووە لەوانە (هانی شاکر، عەلی حەجار) جگە لە کۆمەڵێك گۆرانیبێژی لاوی عەرەبیش کە ناوبانگی زۆریان هەیە.

***ئەی بیرت لەوە نەکردووەتەوە بۆ ئەو گۆرانیبێژە عەرەبانە ئیش بکەیت کە لە ناو گوێگری کورددا جەماوەرێکی زۆریان هەیە، بۆ نموونە کازم ساهر، هەیسەم یوسف..هتد.**

—ئیش نەکردم بۆ کازم ساهر بۆ دوو ڕوو دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کازم خۆی ئاوازدانەرە، دووەمیان ورە ورەیەکی سیاسیو پرسیاری سیاسی لەسەر کازم ساهر هەیە، من بۆ خۆم حەز ناکەم بچمە ناو ئەو گەمەیەوە.

جگە لەوە من بۆ ئەو کەسانەی کە لە عەرەبدا ئیشم کردووە هیچیان لە کازم کەمتر نین، بگرە سەدان جار لەو هونەرمەندترن، جۆرج یوسف چەندین پلە لە کازم هونەرمەندترو بەناوبانگترە.

لەو ئیشە زۆرانەی کە کردوومن بۆ گۆرانیبێژانی عەرەب، بەداخەوە دەڵێم زۆر جار لێرەو لەوێو بەتایبەتی لە رۆژنامەکانی خۆمان هەندێ کەسی نەشارەزا رەخنەی ئەوەیان گرتووە کە گوایە من چووم ئیشم بۆ عەرەب کردووە، پێم وابێت ئەمە دیدێکی زۆر هەڵەیە بۆ هونەر، بەڵام لای من ئەوە گرنگترە سیدییەکی گۆرانیبێژی عەرەبی ناوی دانەرێکی مۆزیکی کوردی لە سەر بێت، باشە بۆ ئەمەیان نابێتو ئەوەی تریان دەبێت؟!.

لەهەمانکاتیشدا من ئیش دەکەمو گوێنادەم بەم قسانە.

لە تەلەفزیۆنی (L.B.C) بەرنامەی شاجوانی جیهانیان هەیە، مۆسیقا تەسویرییەکەی من کردوومە، یەکەمین کوردم خەڵاتی بروانامەو خەڵاتی یەکەمی (دار الاوبیرا)م لە فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی لە قاهیرە وەرگرتووە. جگە لەمە سرودی (کوردستان) کە من ئاوازم بۆ داناوە دوو خەڵاتی جیهانیی وەرگرتووە، یەکەمیان خەڵاتی (پیاوی ئازا) لە هەنگاریا کە خەڵاتەکە لەلایەن وەزیری رۆشنبیریی ئەو وڵاتەوە پێمدرا.

دووەمیشیان لە فێستیڤاڵی (دار الاوبیرا) لە قاهیرە بە باشترین ئاوازی فێستیڤاڵەکە هەڵبژێردرا، جگە لەمەش هەر لە سەر سرودی (کوردستان) لە فێستیڤاڵێکدا سێ ئاوزازدانەر بەباشترین ئاوازدانەری جیهان هەڵبژێرا یەکێك لەو سێ کەسە من بوومو شەهادەکەشم ماوە.

بەڵام حەزیش ناکەم هەموو شتێك بۆ رۆژنامەکان بەیان کەم، بەڕاستی هۆکەی ئەوەیە حەز ناکەم ببمە پاڵەوانی رۆژنامەکانو هەندێ کەس بەوە رەنگە نیگەران بێتو بمانخاتە ناو شەڕێکەوە کە خۆمان نەمانەوێت بیکەین.

***بەڵام تۆ لە ماوەی رابردوودا زۆرترین شتت لەسەر نووسرا، کاتێك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس هەوڵی گـۆڕینی (ئەی رەقیب) تان دا؟**

—ئێمە هـەوڵی گـۆڕینی ئـەی ڕەقیبمـان نـەداوە، منو کاك شێرکۆ بێکەس کارێکی هونەریمان کـرد بـۆ دروستکردنی سـرودێکی تایبـەت بـە کوردسـتان، کـە شـیعری کوردسـتان بـوو لەلایـەن مامۆسـتا شـێرکۆ بێکەسـەوە نووسـراوەو مـن ئـاوازم بـۆ دانـاوە. مـن شیعرێکم بـەدڵ نـەبێت هـەرگیز ئـاوازی بـۆ دانـانێنم، بۆیە ئەو شیعرەی کاك شێرکۆ بێکـەس بـەبڕوای مـن شیعرێکی زۆر مۆزیکیو جوانە، (شێرکۆ بێکەس)یـش بەبڕوای مـن یەکێکـە لـە شـاعیرە هـەرە گـەورەکانی کورد، کە پێویستە شانازیی پێوەبکرێت، من بۆ خۆم شیعرەکانی ئەوم خوێندووەتەوە بۆ کەسانی ئەڵمانی سەرسام بوون، لەکاتێکدا بە وەرگێڕانێکـی لاوازیـش، ڕێزم بۆ هەموو شاعیرانی تری کـورد کـە حورمـەتیان لای مـن هەیـە، بـەلاَم پـێم وایـە شـێرکۆ بێکـەس ناوبـانگی نـەك لـە کـوردا بـەڵکو ئێـستا بووەتـە شاعیرێکی جیهـانیش، سـەبارەت بـەو شـەڕەش کـە لەسـەر ڕوپـەری ڕۆژنامـەکان بـەر پـاکرا، هەنـدێکیان هەستی نیشتمانپەروەری بـوون، هەنـدێکی تریـشیان ماستاوکردن بـوون، بۆیـە بـەبڕوای مـن نـەك ئەوانـە، سەدانی تریش نوسـینی ڕەقتریـش بنووسـن نـاتوانن هێنـدەی پوشـێك لـە گـەورەیی شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکـەس کـەم بکەنـەوە، ئەمەیـە وەڵامـی مـن، جگـە لەوەش من هەرگیز ناچمە ئـەو مەیدانـەوە کـە بـزانم شەڕێك دەکەم هیچ ئامانجێکی نییە !

***دوا شت کە مابێت بیڵێیت؟**

—زۆر سوپاس، مـن لـەم دیـدارە زۆر رازی بـووم، لەبەر ئەوەی لـە ماوەیـەکی کەمـدا زۆرتـرین تـەوەرو بابەتمان پێکـەوە خـستە بـەر دیـالۆگ، بەتایبـەتیش هەندێ شت کە رەنگە لای تۆ نادیـار بووبێـت، بـەلاَم ئـەم دیـدارەدا روونو ئاشـکرا بووبێـت، هەنـدێ پرسـیاریش تـۆ وروژانـدت کـە رەنگـە تـا ئێـستا گفتوگـۆم لەسـەر نـەکردبێتو ئـەو پرسیارەشـم بـەو شێوەیە لێ نەکرابێت، بۆیە گفتوگۆیەکی تازەو گـەرم بوو.